# تيرامانيك لة ماركسييةت (1)


د. فالح عبدالجبار

و: دلير محمد شةريف


گـەر ئـەم لاپەڕانـە قـەرزارى هـەر كەسـێك بێـت, ئـەوە بـە بەتايبەتى به مامۆستا كـەريم مـروه قـەردارەو, ستايـشى سـەر لەنوىٚ دەركردنەوەى چاپى نوێى عەرەبى (سـەرمايە) تـەنها بـۆ ئـەو دەگەڕێتـەوە هـەروەها ئـەو ستايـشەش هـەر بـۆ ئـەو دەگەرێتەوە له بەستنى كۆبوونـەوەى فكريـى لـەبارەى ئاينـدەى سۆسياليزمەوە. ئەوەتا ئێمە لەبەردەم داواكارييەكى نوىٚ دايـن. بيركردنەوە له ماركسييەت بەشێوەيەكى بەگشتى, نـەك گريـان بـۆ رابـردوودا. ديـسان ئـەو پێـشنيارە دەگەرێتـەوە بـۆ مامۆسـتا كەريم مروە كە بىٚ پەروا بەرد ئەخاتـە ئـاوە مەنگەكەمانـەوەو دەگـەرىٚو دەجولىٚو دەرگاكـانى پرسـيار دەكاتـەوە. ئـەوەتا مـن

لێرەدا هەوڵی بێ پەرواى ئەوە دەدەم بگەمە پرسیارەکانی ئەو لەو ڕێڕەوەدا..
مارکس دەلێت: (گەر لەشوێنێکدا, پرسیارێکی ڕاست کرا, ئەوە نیوەی وەڵامەکەیەتی).
بەبرواى من پرسیارى سەرەکی ئەوەیە:
تیۆری مارکسییەت چییە؟ لەوانەیە ئەم پرسیارە سوابێت, بەلأم بەڕاى من ئەوە ناوەرۆکی پرسیارەکەیە, وەڵامی ئامادەکراو, کۆکراوەو, رێگر هەیە, کە دەلێت: مارکسییەت تیۆرێکی شۆرشگێڕیە لە سێ بەش پێك دێت, ئەوانیش مەتریالیزمی مێژووی (المادیە التاریخیە)و مەتریالیزی دیالتێكو (المادیە الدیالتیکیە) و سوشیالزمی زانستی سروشتیو کۆمەڵگاو فکر خۆی. ئەم دابەش کردنە سادەو باوە. کە چەندان نەوەی مارکسی لەسەری پەروەردە بوون, بەرایی من دابەش کردنێکی هەرەمەکیو رووکەشە هەرچەندە ئەزانم ئەم رایە رووبەرووی زۆر کەسم دەکاتەوە. چونکە ئەوە حوکمێکی رەهایە.
لەواقیع دا ئەم دابەش کردنە کە لە ئەدەبیاتی مارکسی سۆڤیتی دا چەسپاو بووەو بە مەسەلەیەکی پیرۆز ناونرابوو بەپێی ئەم دابەش کردنە ..(مەتریالیزمی مێژوویی):
بە گشتی کردنی مەنهەجی (مادییە) لەسەر مێژوو..بەلأم مێژوو بەپێی تێگەیشتنی باو لەسەر چەند پێکهاتەیەکی بەدوای یەکدا وەستاوە: کۆمۆنەی سەرەتایی- کۆیلایەتی- دەربەگایەتی- سەرمایەداری- سۆسیالستی زانستی, (سۆسیالستی زانستی)یش بەرۆلی خۆی دابەش دەبێت بۆ (ئابوری سیاسی سەرمایەداری) پاشان (ئابوری سیاسی سوسیالیستی). کە نموونەکەی بە یاسایەکی رەق بۆ ئاڵوگۆرو دژو گۆراو بە مەتریالیزمیدیالکتیکیشەوە, کە لەسەر پێش خستنی (مادە) لەسەر (هۆش) دەوەستێ, لەسەر گشتێتی جەدەلی ناکۆکییەکانی (هیگل) هەروەها لەسەر وتە جووتەکان دەوەستێت:
(مادەو هۆش), (گەوهەرو روخسار), (شێوەو ناوەڕۆك), (چەندایەتیو چلونایەتی).. وتم ئەم تێڕوانینە بۆ مارکسییەت, وەك سێ بەش (فەلسەفەی مێژوو- فەلسەفەی زانست (المعرفە) پاشان ئابوری سیاسی سەرمایە داریو سوسیالیستی) کە سروشتێکی مەعریفی کامڵی پێ داوە. کە لێکۆڵەرەوەکانی سۆڤیەت لەرووی شێوەوە چەسپاندوویانە وجێگیر کراوەو لێك جیانابێتەوە..
لەراستی دا ئەم دابەش کردنە (سیانییە) پشتی بە (نووسینێکی لینین بەستووە) نوسیویەتی. (سێ سەرچاوەکەی مارکسیەت) لە فەرهەنگی بەریتانیدا (ئینسکلوپیادیا بەریتانی) بۆ پێناسەی مارکسییەت. کە وتارێکی چڕو سادەیەو بۆ خوێنەر بە گشتی خراوەتەڕوو کە مەبەست لەوە روونکردنەوەی ئەو بوارانەیە کە لەلای مارکس گرنگ بووە.

گومان لەوەدانییە کە مارکس کەسێکی ماددی بوو, یان گومان لەوەدانییە کە مارکس ئەو تێروانینە فەلسەفەیەی بۆ مێژوو خستۆتە ڕوو. بەلاّم دیراسەیەکی نەنووسیوە بۆ مێژوو, مێژوو نووسیش نەبوو. فەیلەسوفی مێژووش نەبوو. مارکس کەسێکی ماددیی, دیالکتێکی بوو, لەمێژووی مەعریفی دا. کە ئەمەش گومانی تێدانیە, بەلاّم نووسینو لێکۆڵینەوەی نە کردووە لەسەر فەلسەفەی مەعریفی. بێ شك تێڕوانینی بەناوبانگی هەیە لەسەر فیور باخ (شەش دێرە) . هەروەها تێڕوانینی بەرچاوی هەیە لەسەر دیالتیکی هیگل (چەند پەرەگرافێك). کتابەکەی ئینگلزیش (ئەنتی دوهرنگ )و (دیالکتیکی سروشتی ) هەردوکیان کورت کراوەی کتابەکانی هێگلن: (المنطق- dielogic)و بەشی یەکەمی کتابەکەی هیگل: (فینۆ مینو لوجیای رۆح) یان (عەقل) یان (تجلیات العقل) کە بەشێکی پەیوەندی هەیە بە سروشتەوە. نووسینە رەسەنەکەی هیگل لە (ئەنتی دوهندیگو دیالکیکی-سروشتی) دەوڵەمەنترە, بەڵکو سنورداری خوێندنەوەکەی ئینگلز دەدۆزێتەوە..وتم ئەو دابەش کردنە سیانییە سادەیەی مارکسییەت کەپێك دێت لە (مەتر یالیزمی مێژوویی)و (مەتریالیزی دیالکتیك)و (سوسیالیزمی زانستی )دابەش کردنێکی سادە کراوەو, گۆرینی بۆ رێبازێك یان رێکخراوێك یەکێك بو لە سەرچاوەکانی (بچووککردنەوەی) مارکسییەت پاشان سنوورە رەخنەیی یەکەی. تیۆری مارکسییزم تیۆرێکە بۆ شیکردنەوەی سیستەمی سەرمایەداریو رەخنە لێگرتنی, هەروەها تیۆرێکی لێکۆڵەرەوەیە لەسەر تواناکانی مێژوو بۆ رەخنەو تێپەڕاندنی سەرمایەداری, بەڵکو ئەم شیکردنەوەیە بەشێوەیەکی بابەتی لە ئەوروپای رۆژئاوادا گیر ببوو کە لەماوەی سەدەی شازدەوە تا سەدەی نۆزدە لێکۆڵینەوەکان بۆ ئەوە تەرخان کرابوون مارکس, نموونەی تیۆری بۆ سەرمایەداریو ناکۆکیەکانی بنیادنا بوو بەوەی کە نموونەیەکی گەردوونی (گشت گیرە) هەرچەندە سەرمایەداری لەسەردەمی ئەودا لە دوورگەیەکی بچووك زیاتر نەبوو لەنێو ئۆقیانوسە گەورەکاندا لەبەرهەمی کالاّ (پیشەیی) بچووكو بەرهەمی کەمو سەرەتاییەکان. بەلاّم ئەمرۆ بەرهەمی بچوكو بەرهەمی کەم لە دوورگەیەکی بچووك زیاتر نییە لەنێو ئۆقیانوسی سەرمایەداری پێکەوە گرێدراودا. لێرەوە زانایی مارکس دەردەکەوێت: بونیادنانی نموونەیەکی تیۆری بۆ دیاردەی مێژوویی (کۆمەلاّیەتی- ئابوری) کە لە واقیعدا پێش تەواو بوونو کامڵ بوونی خودی ئەو دیاردەیە دەکەوێتو شیکردنەوەو رەخنەگرتن لە سەرمایەداریو, گەران بەدوای تواناکانی تێپەراندی لەسەر پەرەسەندی سەرمایەداری خۆی دەبزوێ. پەرەسەندنی هێزی بەرهەم هێنانو پەرەسەندنی دامەزراوە کۆمەلاّیەتی رۆشنبیریەکانی وەك سیستەمێکی جیهانی (نەك وەك سیستەمێکی لوکالّ لەنێو دەوڵەتدا) کە ئاستێکی دیار کراوی هەیە بۆ پەرەسەندن کە لە توانادا نییە.

لێــرەدا دەمــەوێت بلــێم, ئــەرکی رەخنــەگرتن لەســەرمایەداریو شــیکردنەوەی شــێوە پەرەســەندوەکانی بەبــەردەوامی دەگــۆڕێو گــەڕان لــەپێناو تێپەراندنیــدا ئــەرکی ئێــستایەو ئەوەش بنەمای بەردەوام بوونی مارکسییەتی پاش مارکسە. بـەڵام وێنـەی سـەرمایەداری لـە نموونە تیۆریەکەی لای مارکس چۆنە؟ ئەو نمونەیە چیە؟ پێم وایە ئەو وێنەو تیۆرییـەی کـە دەیــزانین یــان شــێواوە (نموونــەی سـۆڤێتی) یــان ناتــەواوە وەك ئــەوەی مــارکس بـۆی جێهێـشتین. گـەر بگەرێینـەوە بـۆ پلانـەکانی مـارکس لـە نووسـینی (سـەرمایە)دا دەبینـین وەلأمـەکان (چارەســەرکەرو) شــێواون (چارەســەرکەرە) لەبــەر ئــەوەی (واتــە پلانەکــەی) بونیادێکی تیۆریمان دەداتێ. هەروەك ئـەوەی مـارکس ویـستویەتی. شێواویـشە لەبـەر ئـەوەی (واتە پلانەکەی) ئەوەمان نیشان دەدات کە مارکس هەوڵی نەداوە لەماوەی ژیانیدا ئـەو کـارە تیۆریە مەزنە تەواو بکات, بە والأیی جێی هێشتووە. ئەمەش جوانترین لایەنە لە تیۆرەکـەی مارکـسدا. بــە پێــچەوانەی ترســناکییەکانی ســتالینو ســتالینەکان. کــە هــەوڵی داخــستنو تەواوکردنیان ئەدا بەوەی کـە وێنەیـەکی دکتاتۆرییانـەی لـەخۆبایی بـدەنێ کـە پێـیان وابـوو ئەوە چەقی گەردوونو کۆتاییەکەیەتی.. بابگەرێینەوە سەر وێنە تیۆرییەکەی سەرمایەداری وەك ئـەوەی کـە مـارکس تێیڕوانیـوە, لەشـێوەی پـلانو وەك ئـەوەی کـە ویـستییەتی نیـشانی بـدات. چـەند پلانێـك هەیـە بـۆ سـەرمایە, کـە لەپـەنجاکانو شەسـتەکانی سـەدەی پێـشودا دارشتراون. کە دواتر لە پلانی چواریدا جێگیر بوو (لەسەر سێیانەکەی هێگل)وە ئەوانیش:

1- سەرمایەداری:

(ا- بەرهەم ب- دەستاودەست ج- یەکێتی دووانـی د-کـاری کـرێ گرتـە هـ- موڵکایـەتی زەوی و- مێژووی تیۆریەکان (سەرمایە)

2- دەوڵەت.

3- بازاری جیهانی.

4- بازرگانی نێودەوڵەتی.

ئەگەر سـەیری ئـەم دابـەش کردنـە چوارییەمان کـرد, کـە بـەردی بناغـەی چـەمکی تیـۆری مارکسیەتە. دەگەینە دوو ئەنجام:

⋆ئەنجامی یەکـەم (لـەبارەی مـارکس خۆیـەوە). کەبەشـی یەکـەمی لـەکارە تیۆریەکـەی تـەواو کردووە, چونکە سـەرمایە بەهەرسێ بەرگەکەیـەوە هـەردوو برگـەی (ا)و(ب) تـەواو دەکـات, بەرگی چوارەم (مێژووی تیۆرەکانی زێـدە بـایی) برگـەی(هـ) تـەواو دەکـات, بـەڵام بەشـەکانی دوو (دەوڵـەت)و سـێ (بـازاری جیهـانی)و چـوار (بازرگـانی نێـو دەوڵـەتی) هیـچی لـەبارەوە نەوتووە تەنیا تێبینی ووردو جوان نـەبێت (تیایـدا پێـشبینی لـە سـەر هەڵدانی دەوریانـەی سەرمایەداری لـە دەوڵـەتانی کـشتوکاڵیدا دەکـات, واتـە شـێوەی بڵاوبوونـەوەی لـە وڵاتێـك بـۆ

ولاتێکی تر) بەڵام لێکۆڵینەوەکانی لە بەرگە تایبەتەکانی سەرمایەدا بەو دابەشکردنە زانستییانە کردووە.

★ئەنجامی دووەم وا ڕێککخراوە, کە سیستەمی سەرمایەداری بە شێوەیەکی ئەندامی لەسەر چوار بنەمای پێکەوە گرێدراو دەوەستێت. ئەوانیش (سەرمایەو دەوڵەتو بازاری جیهانیو بازرگانیی نێو دەوڵەتی)یە

چونکە بووژاندنەوەی جیهان وەك ئەوەی سەرمایەداری نیشانیدا وە چوار ناوەندە, بەڵکو پێکهاتەیەکی گەردوونیە.

ئەو سەرمایەیەی لە چوارچێوەی نەتەوەییدا گەشە دەکات پێویستی بە دەوڵەتەو لە ژێر سێبەری ئەو لەناو ئەودا نەبێت ناژیێت, هەر بۆیە ڕەوتی بازاڕو سیستەمەکانی بازرگانی نێودەوڵەتی لە قۆناغی یەکەمی سەرمایەداریدا (کە تا ئەم کاتەش هێشتان بەردەوامە) لەتوانادا نییە تەنیا لەسەر بنەمای سەرمایەداری نەبێت شێوەی یەکە نەتەوەییەکان (دەوڵەت) کە هەڵگرو ڕێکخەرە بۆ چالاکی سەرمایەداریو کۆسپەکانی بەلام ژیانی سەرمایە لە دەرەوەی ئەم یەکانەیە. کە توانای مانەوەو بەردەوام بوونی نییە تەنیا لە دەرەوە نەبێت. یەکەمیان مارکس نەیتوانیوە لەم سیستەمە چوارییە بکۆڵێتەوە, دووەمیان ئەوەی نووسیویەتی لەبارەی ئەم بابەتە ( نموونەی بەشی یەکەم) هەمووی بلاونەکراوەتەوە تا هەفتاکانی سەدەی بیستەم.

بۆ نموونە گروندریسیە (grundrisse) کە بەتەواو کەرێکی پێویست بۆ (سەرمایە) دادەنرێت, ئەویش تا سییەکان بلاونەکرایەوەو بەباشی دیراسە نەکراوە. هەروەها مارکس نووسراوەکانی 1863و نووسراوەکانی 1867 لەبارەی سەرمایەی بۆ جێ هێشتووین (کە نیوملیون پاشان یەك ملیۆن وشەیە بەداوی یەکدا) کە ئەویش بەباشی دیراسە نەکراوە. ئەمە کەموکوڕی زانیاریمان لە بارەی تیۆری مارکسیەت قوڵ تر دەکات. داخوا چەند کەمو کووڕیەکی گەورەیە.

وتم مارکس سەرمایەداری لە بەریتانیا دیراسە کردووە. نەك ئەلمانیا چونکە تێزی سەرمایەداری لەمەی دوایان (ئەلمانیا) هێشتان پەرەی نەسەند بوو. هەروەها لەروسیا موڵکایەتی زەوی دیراسە کردووە. چونکە لەوێ دیاردەکە بە شێوەیەکی روون لەوێ چۆتە پێش. بەلام نە سەرمایەداری لەسنوری ژیانی مارکسدا وەستاو نەدەبوو بووەستێ و نە ئەو مەنهەجە لەوحاڵەیدا ماوە کە دیراسەی دیاردەکەی پێ کرد (وەك ئامرازێك بۆ شیکردنەوەو هەڵێنجان). مارکس دان بە وەستاندا نانێت. بەڵکو پێی وایە تەنیا گۆران نەگۆرە. ئەمەش بۆ دیاردەکان دروستە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا, ئەو مەنهەجەی کە (ئامرازی لێکۆڵینەوە) دیاری دەکات بە نەگۆری نەماوە, ئەویش پێویستی رەخنەگرتنە لە

سەرمایەداری, بەردەوام, هەمیشەیی, گۆڕاو (بەپێی بارودۆخ)و گەران بەدوای توانای تێپەڕاندنیدا سەرەتا لە پەرەسەندنی خۆیدا, نەك لە ئاوات خواستن بە زاراوەکە یان تۆ باو بیانە.
لە ئەمرۆدا رەخنەگر لە سەرمایەداری یان راوەستاون (تەنیا هبرماى ئەلمانیو نەعوم نشومسکی ئەمریکی نەبێت) یان لەسەر وەهەمو تێڕوانینەکانی رابردوو دەژین کە ئەمەش حاڵی هەموو حزبە کۆمۆنیستەکانە کە تێروانینیان نەماوەو هیچ ناکەن تەنیا دووبارە کردنەوەی دێرەکان نەبێت لە جبەخانەکانی سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەم).
مارکس کە پێکهاتەی سەرمایەداری نووسی, یان کە دیراسەی کرد, وەك چۆن سەری هەڵدا لەبەردەم بینەرانی وتوانی بەتێری دیراسەی بکاتو بەتیوریانە بیخاتە بەردەممان. وەك پێکهاتەی یەکەم سەرمایە. بەلاّم کتابەکەی نە لەسەر دەوڵەت نووسی و نەکتابیشی نوسی لەسەر بازاری جیهانیو نە لەسەر بازرگانی نێو دەوڵەتی. بەواتایەکی تر (سروشت) رێگەی نەدا کارەکەی تەواو بکات, بەلاّم بە هوشیاری بنیادەکانی سەرمایەداری وەك پێکهاتە چوارینەکەی دیاریکرد (سەرمایە- دەوڵەت- بازاری جیهانی- بازرگانی نێو دەوڵەتی). هەموو وتەکانی مارکس لەبارەی پێکهاتەکان. لەبارەی سەرخان, ژێر خان, لەبارەی یاساکانی کۆمەلاّیەتی بەو پێیەی مەیلێکە لەبارەی بونیادی کۆمەلاّیەتی (tenden zien tend encies)و هەموو تێبینییە کورتەکانی لەسەر دەوڵەتو بازاڕو بازرگانی نێو دەوڵەتی. کە پەیوەستە بەم بەشە مێژووییە دیاری کراوە (سەردەمی سەرمایەداری)و پەیوەست نییە بەغەیری ئەوە. بەلاّم (قوتابخانەی سۆڤێتی- ستالینی) بەزۆر وایان کردووە کەهەموو مێژوو, هەموو پێکهاتەکانیشو, هەموو دیاردەکان بگرێتەوە. کە ئەم گشت گیرییە تەنیا لای پاپاکان نەبێت نابینرێت کە لەهەڵە بەدەرن (مەعصوم)ن یان لە سیستەمی ئاینی- غەیبی دا.
دەگەرێمەوە بۆ دابەش بوونە سیانییە سادەکەی لینین داینـاوە لەپێناو خوێندنەوە (یان خوێنەری ناوەند). دەڵێم ئەمە گۆرێنرا بۆ قەفەسێك کە مارکسییەتی تیا بەند کرا! بانگەشەی گشتیو کاملّ بوونی بۆ کرا (کەمارکس بە سادەییە زانستییە ئاشکرایەکەی خۆی لەوە دوورخستبویەوە)..لینینیش خۆی بە ئەندازەیەکی دیاری کراو بەشداری کردووە لەمەدا..کە لەلایەکەوە دەبینین ئەوەی دووپات کردۆتەوە, کە مارکسییەت (رێنیشاندەر)ی کارەو کراوەیە بۆ هەموو بوارەکانی لێکۆڵینەوە لەتەك دوپات کردنەوەی ئەوەی کە مارکسییەت زانستێکە خاوەن هەموو تواناو دروستیە کە! کە هیچ زانستێك

نییە خاوەن هەموو تواناو دروستییەك بێت, بەتایبەت لەبواری تیۆری كۆمەڵایەتی. هەموو ئەوانەی كە هەن گریمانەن.

دابەش كردنێكی تر هەیە بۆ فكری ماركسی لە چوارچێوەی دووەم دەردەچێت (مەتریالیزمی مێژووی- مەتریالیزمی دیالكتیك- سوشیالیزمی زانستی) بۆ چوار چێوەیەكی فرەلایەن تر (لەرووی بابەت)و قەبارە كەمتر (لەروی بوار) واتە كورت كردنەوەی رەخنەكانی ماركس بۆ قۆناغی سەرمایەداری هاوچەرخ نەك فراوان كردنی لەسەر هەموو مێژوو, لەگەڵ گرنگی تێبینیە مێژوویەكان)یشی)

گەر تێروانینەكانی ماركس لەم شێوازەی خوارەوەدا دیاریكەین:

1- ماركسییەتو مێژوو
2- ماركسییەتو تیۆری مەعریفی (ئەنسكلوپیدیا)
3- ماركسییەتو كۆمەڵگا (بونیادی كۆمەڵایەتی)
4- ماركسییەتو دەوڵەت.
5- ماركسییەتو ئابوری.
6- ماركسییەتو نەتەوە.
7- ماركسییەت و جیهانگیریی.

سەر لەنوێ پێویست دەكات بڵێم ئەم بەشە فرەلایەنە (فراوان تر لەو دابەش بوونە سیانییە) چڕكراوەتەوە بۆ پێكهاتەی سەرمایەداری هاوچەرخ, ماركس خۆی بیرمەندی (ناكۆكیەكانی سەرمایەداری)و توانای تێپەراندنیەتی. هەروەها پێویست دەكات ئاگاداربین لەوەی كە ئەو دابەش كردنە پێشنیارێكی نوێیە بۆ چاودێری فكریی ماركس لەچەند گۆشە نیگایەكەوەو هەڵهێنجانی توانای هاووڵاتیو لاوازیەكانی ناوەوەیەتی.

ئەم بەشانە وەردەگرم لە روانگەی ئەو خوێندنەوە فرە لایەنانەی كە ماركسییە عەقڵە مەزنەكانی رۆژئاوا بەرهەمی هێناوە. كەتوانیان بەهۆی لێكۆڵینەوە كراوەكان بەبێ سانسۆرەكانیان كە بە دواداچوونو قووڵبوونەوەی بۆ بكەن, كە دەبێتە بنەمای ئەو خوێندنەوەیە,هەروەك ئەوەی هەیە (واتە وەك ئەوەی كە دەبێت هەبێت) ئەویش:

ا- تەواونەكردنی تیۆری ماركس لەژیانیدا.

ب- ئەو دیاردانەی دیراسەی كردوون لەگۆڕانی بەردەوامدان.

ج- مەنهەجی دیراسە كردنی دیاردەكان بە بەردەوامی لە نوێ بوونەوەدان بەهۆی داهێنانە نوێیە كان لە زانستی مەنهەجدا.

ئەم سێ بنەمایانە ئەركێتی قورس لە ئەستۆی ماركسییەكاندا دادەنێن لە:

بەردەوامی بە ئاگابوون لەسەر هەموو لقێکی مەعریفی نوێ. یان دەسکەوتی نوێ لەلقی مەعریفی کۆن‌و چاودێری کردنی بزوتنەوە ڕەخنەگریەکەی. ئەم ئەرکەش پێویست بە ژمارەیەکی فراوان لە لێکۆلەرەوەو شارەزاو لە پسپۆڕ دەکات بە کاری تیۆری و فکری‌و پسپۆڕ لە چالاکی کردەیی لەکاری هاوبەش.

## یەکەم: مارکسییەت‌و مێژوو

ئەم بەشە مەبەست لە ناونیشانی ئەم بەشە (مارکسیەت‌و مێژوو) لەجیاتی (مەتر یالیزمی مێژوویی) دەستی پێکرد بۆ ئەوەی تێڕوانینە دروستەکانی مارکس بۆ مێژوو وون نەبێت, یان مۆرکە کردەییەکەی لە دەست نەدات ستالینییەت تێروانینی مارکسی بۆ مێژوو لەسەر بنەمای تابلۆ ناسراوەکەی ستالین بەم شێوەیە نیشان دەدات: (کۆمۆنەی سەرەتایی- کۆیلایەتی- دەربەگایەتی- سەرمایەداری- سۆسیالستی). هەموو ئەم پێکهاتانە لەژێرخان‌و سەرخان‌و چینەکان پێك دێت (تەنیا کۆمەلگای سەرەتایی نەبێت)و بە ململانێی چینایەتی دەردەکەون. هەر پێکهاتەیەکیش لە خالێکدا بە پەرەسەندنی هێزی بەرهەم دەگەن کە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان ناگونجێن لەگەلێداو, هەلی دەوەشێنێتەوە تا پێکهاتەیەکی نوێ دروست ببێت.. وەك لە پێشتردا وترا چەمکەکانی ژێرخان‌و سەرخانەکان‌و بەریەك کەوتنی هێزی بەرهەمهێنان بە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان‌و سەرهەلدانی پێکهاتەیەکی نوێ لە هەناوی کۆندا چەمکی ناسەپێن تایبەتن بە تێڕوانینی مارکس بۆ تێزی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە تەنهاو بەسەر هەموو مێژوودا.

مارکس بە هەمان شێوەی (هیگل)وای دەبینی کە مێژووی مرۆڤایەتی یەك مێژووەو هەموو شارستانیەکان‌و گەلان بەشدارن تیایدا, ئەو مێژووەش پێك دێت لە تێزەکانی دابەشەکردنی کار: (کۆمۆنە, کۆیلایەتی, دەربەگایەتی, سەرمایەداری, هەروەها رۆژهەلاتیش (تێزی بەرهەمهێنانی ئاسیای کۆن)..

ئەم بەتێزکردنە گشتییە (جیاوازە لە تیۆری پێنج قۆناغەکە) کە پێویست دەکات وا بوترێت.

⋆بوونی پەرەسەندن

⋆ئەم پەرەسەندە یەك پرۆسەکی جیهانییە.

⋆تێزی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەرهەمی پەرەسەندنی پێشووترە.

⋆ئەم تێزەی دواین دیاردەیەکی نوێیە کۆن نییە بە کۆنایەتی مرۆڤ.

ئەم خستنە ڕووەی مارکس جۆرێك لە رەنگ ورووی سۆڤ گەری هیگلی وەرگرتووە, بەتایبەتی بیرۆکەی بوونی ئاژاوە لە مێژوودا, واتە وەك ئەوەی کە مێژوو ئەو (زاتە)یە, کە

مارکسییەکان خۆیـان بـە گشتی رەخنـەیان لـەم بیرۆکەیـە گـرت, لەبـەر ئـەوەی بیرۆکەیـەکی هەڵەیە..

مارکسییەکان رەخنەیان لەو تابلۆ پێنجییەش گرت (تابلۆی قۆناغە یـەك لـە دوای یەکـەکان) کە لەسـەردەمی سـتالیندا داڕێـژراو بـوو وەك قەفەسـێکی ئاسـنین.. لێکۆڵـەرەوەکان ئـەوەیان تێبینیان کرد, کە ئەو تێزە کۆیلایەتییەی کەلە یۆنـانو رۆمـا سـەری هەڵدا بـوو لـە شـوێنی تردا سەری هەڵنەدا, هەروەها تێزی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایـەتی نـە لـە یۆنـانو نەلـە رۆمـا سـەری هەڵنـەدا, بـەڵکو لـەناو جەرمانیەیـەکان (ئـەڵمانیای کـۆن)-فەرەنـسا-دورگـەکانی بەریتانیا)و تێزی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریش لە بەریتانیا سەری هەڵدا نەك لە یۆنان.

ئەم تێزە (پەرتە) بۆ تێزەکانی بەرهەمهێنان (لە بنەچەدا تێزێکە بۆ دابەش بوونی کار) کە پەیوەندییـەکی هۆکـاری هەیـە یـان, بـە هۆکـارێکی بـە دوای یەکـدا دانـانرێ, لـە نێـوان سەرهەڵدانی کۆیلایەتیو دەرەبەگایەتیو سەرمایەداری لە یۆنان یان رۆمـای کـۆنو هەنـدێك بازنـەی شارسـتانی هـەن کـە کۆیلایـەتیان نەناسیوە دانانـێ, هەنـدێکی تـر دەرەبەگایـەتییان نەناسیوە, هەنـدێکیش تـا سـەردەمی ئێـستامان وەك کۆمەڵگـەی سـەرەتایی ماونەتـەوە (وەك هۆزە رەسەنەکانی ئوسترالیا پێش هێرشی ئەوروپا) مارکس لە تێڕوانینـە فەلـسەفییەکان بـۆ مێـژوو ویـستویەتی بیرۆکـەی پەرەسـەندنو ململانـێ دووپـات بکاتـەوە لەسـەر مۆرکـە ماددیەکەی پەرەسەندن کە پێشتر دیراسە نەکراوە.

با سەرمایەداری وەرگرین, لە ئەوروپای رۆژئاوا (بـەریتانیا-فەرەنـسا) بـە دژی دەرەبەگایـەتی سەریهەڵداو, نزیك بوویەوە لە شۆڕشە سیاسییە خوێناوی یەکان.

لە سوید گواستنەوە بۆ سەرمایەداری پلە بە پلەو بە یەکلاکردنەوە بـوو بـێ شۆڕشـەکان, لـە یابان (مێجی) خۆی دەرەبەگایـەتی لادا بـۆ بنیادنـانی سـەرمایەداری, چونکە سـەرمایەدارانی ئەمریکی دەیانویـست بازاڕەکـان بـەهێزی چـەك بکەنـەوە بـۆ بازرگانی بۆیـە ناچاربوو ئـەو گواستنەوەیە بکا بەپێی مـەنتقی داکۆکیکردن لـە خـۆی, یابانییـەکان پێیـان وابـوو دەوڵـەتی دەرەبەگایـەتی خـۆی بـە گواسـتنەوە سـەرمایەداری هەڵدەسـتێتو چـینی سـەرمایەدار دەخولقێنـێ, تێـزی تـر زۆرن کـە گواسـتنەوە تیـادا بـۆ سـەرمایەداری کرابێتو کۆیلایـەتیو دەرەبەگایـەتی نـەیبینێت, ئـەم فـرە چەشـنییە لـە مێـژوودا گاڵتـە بـە هـەموو هەوڵـدانێك پووچەڵ دەکات کە بەندبکرێت لەوێداو بشووبهێنرێت بە خشتەی لێکدان (جدول الضرب)..

بە کورتی بیرۆکەی تابلۆی پێنجیو (پێکهاتە ستالینەکەی)و لەناو ئەوەشـدا بیرۆکـەی بـوونی تێزی گواستنەوەی ئاسنین مافی مارکس پێشێل دەکاتو دووچاری هەڵـەی بـە گشتی کردنـی دەکات کە ئەو هیچ پەیوەندی پێوە نییە, لەبەر ئەوەی مارکس تێڕوانینێکی فەلسەفی گشتی خـستەڕوو, کـە تـەنیا چوارچێوەیەکی گـشتییە بـۆ بیـنین نـەك شـیکردنەوەیەکی درێـژ بـۆ هەموو رووداوەکانی پەرەسەندنی مێژوو..

هەروەها وتم مارکس قەڵەمەکەی تەرخان نەکردبوو بۆ دیراسەکردنی پەرەسەندنی شارستانییەکان, هەرچەندە بارودۆخی یۆنانی کۆن‌و میسری کۆن‌و شارستانی (ئەنکاو مایا)ی نیشانداوە, خوێندنەوە هاوچەرخەکان لە بارەی ئەو شارستانیانە, دەرئەنجامی سەیرمان پێشکەش دەکات, بۆ هەر کەسێك ڕێگە پێدراوە گەر بییەوێت ئاگاداربێت لێیان, تەنیا چەسپاندنی چەمکی پەرەسەندنی گشتی‌و مۆرکە مادییەکەی (بەرهەمی ژیان) ئەو پەرەسەندنە نەبێت, مارکس ویستویەتی مێژویەتی تێزی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دووپات بکاتەوە و جەخت لە توخمە جیاوازەکانی لەوەی پێشتری بکات‌و تێبینی تواناکانی پەرەسەندنی دەکات‌و کە لە مێژوودا شێوازی جیاجیا وەردەگرێت..

-پەرەسەندنی پلە بە پلە (تدریجی) Evolution

-پەرەسەندنی کەرت بوو (پچڕاو) (قطعی) Pupture

-پەرەسەندنی هێڵ ئاسا (کەڵەکە بوو –هەڵکشاو بەیەك لادا) Linal

-پەرەسەندنی بازنەیی (گەڕاوەو, بەرەوپێش چوو لە یەك کاتدا) Cyclical

هەندێك دیاردە هەن لە مێژوودا شێوەیەکی پلە بە پلەی هەیە, هەندێکی تر پەرەسەندنێکی هێلکاری‌و سێیەمیان پەرەسەندنی ماوە بە ماوەو چوارەمیان پەرەسەندنی (کەرت بووی هەیە).. کە لەسەر سەرهەڵدان‌و بزووتنەوەی سەرمایەداری لە شێوەکانی پەرەسەندندا پراکتیزە نابن, بەڵکو لەسەر ئەگەری شێوەکانی تێپەڕاندنیدا پراکتیزە دەبن..

گەر ئەم وتانەمان پراکتیزەکرد لەسەر تێزەکانی گواستنەوەی سەرمایەداری یان, تێزەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی,, دەبینین نموونەی زۆر لە گواستنەوەی لەسەرخۆ, پلە بە پلە لە دەرەبەگایەتی بۆ سەرمایەداری هەن, شێوەی گواستنەوەی پچڕاویش هەیە, کە شەڕو شۆڕەکان دروستی کردون, شێوەی گواستنەوەی هێڵکاریش هەیەو هی تر بازنەی . . . هتد.

ئەم فرە چەشنییە لە تێزی پەرەسەندن بە مانای ئەوەیە کە ناتوانرێت یەك شێوە بۆ مێژوو دانرێت, بەهۆی ڕێڕەوو شێوەی پەرەسەندنەکانی..

## دووەم: مارکسییەت‌و تیۆری مەعریفی

هەروەك پێشنیارم کرد کە واز لە وەهمی (ماتریالیزمی مێژوویی) بهێنن‌و لە جێگای ئەوە بیرۆکەی (تێڕوانینی مارکسییەت بۆ مێژوو) دانرێت..

پێشنیاریش دەکەم واز لە وەهمێکی تر بهێنرێت ئەویش بوونی (ماتریالیزمی دیالیکتیکی) کامڵەو تەنیا شێوەیە بۆ مەعریفە.

ماتریالیزمی دیالێکتیك لەسەر دوو کۆڵەگە دەوەستێت, کۆڵەگەی یەکەم پێشخستنی ماددەیە لەسەر هۆش بەو پێیەش کە هۆش بۆ خۆی بەرهەمی پەرەسەندنی شێوەیەکی

راقی تری مادەیە (مێشکی مرۆڤ) کۆڵەگەی دووەم کە (یاساگەلێك)هەن بۆ دیالیکتیك ڕێکخەری کردارەکانی سروشتو کۆمەڵگاو هزرە.

بیرۆکەی پێشخستنی هۆش بەسەر ماددەدا یان پێشخستنی مادده لەسەر هۆشدا کۆنە بە کۆنایەتی فەلسەفەو تێڕوانینی فەلسەفی لە پێش ئەودا.. پاشان پێشخستنی مادده بەسەر هۆشدا کۆنە بە کۆنایەتی ماتریالیزمی یۆنانی خۆی وەك دیالیکتیك, ئەم تێبینیانەی خوارەوەمان هەیە:

أ-ماتریالیزمی سەدەی نۆزدەهەمو تیئۆری مەعریفی کە پێوەی لکاوە لەسەر دووانەیی خودو بابەت دەوەستێت, خودی هۆشیارو واقیعی بابەتیو بابەتی هۆشیاری, ئەم دوانەییە هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەم جێگەی ڕەخنەلێگرتن بوو..

یەکەی یەکەم بۆ مەعریفە دوانەیی نییە (خودو بابەت) بەڵکو چوارینەیە..

خود بە بابەتی مەعریفە ناسراوە بە یارمەتی زمان وەك سیستەمی هێماکان بۆ کۆکردنەوەی مەعریفەو گواستنەوەی, (خود)ی تر بە گواستنەوەی مەعریفە ناسراوە بۆی..




ئێمە ناچینە ناو هیچ پانتاییەکی کۆمەڵایەتی بەبێ هاوکاری (ناوەندێتی) زمان, مێشك هەڵگری هێماکانی مەعریفەیە کە بە ڕۆڵی خۆی پێکهاتووە لە سیستەمێکی ئاڵۆز (دال-مەدلول-شێوەکان-دەنگەکان-نیشانەکان.. هتد)

ب-سیستەمی مەعریفە خراوەتە نێو سیستەمی ڕۆشنبیری (ڕۆشنبیری نەتەوەیی-ڕۆشنبیری لۆکاڵ, ڕۆشنبیری جیهانی تێکەڵ بوو لەگەڵ هەردوو ڕۆشنبیری نەتەوەییو لوکاڵی)..

ج-لێکۆڵینەوەکانی زمان (لە بونیادگەرییەوە بۆ پاش نوێخوازی) دۆزینەوەی گرنگی پێشکەشکرد کە تاڕادەیەك مارکسییەکان بە گشتی لێی دابڕاوبوون.. (چەوساندنەوەی باختین کە دیارترین بیرمەندبوو لەناو وڵاتەکەی خۆی-ڕوسیا) لە (سوێرەوەکە یەکەم بونیادگەری زمان بوو, تا (نەعوم تشومسکی) کە نوێترین بلیمەت لەم گۆڕەپانەدا.

د-خودی فەلسەفە کە زانستێکی نێو زانستەکان بوو, ئەمڕۆ بچووك بۆتەوەو تەنیا بۆتە بەشێکی بچووك لەناو زانستی مەعریفەدا (ئەبستمولۆجیا) کە مەنتقیش دەگرێتەوە..

هـ-زانستی مەنهەج (Mathodolgy) كە تايبەتمەندی فەلسەفەو گۆشەيەكی گرنگی بوو, لێیّ جيابوويەوە, وای لێهات هەر زانستێك مەنهەجێكی هەبێت (مەنهەجی كۆمەڵناسی- مەنهەجی ئابووری-مەنهەجی ئەنترۆپولوجيا-مەنهەجی فيزياو.. هتد)..

و-مەنتيقی هيگل كە ئينگلز لە كتابی (ئەنتی دوهرنگو دياليكتيكی سروشت)دا كورتی كردبوويەوە ئێستا لە ئاست بەديهێنراوەكانی زانستی فەلسەفەو بەتايبەتی لە ليكۆڵينەوەكانی مەعريفە دواكەوتووەو لەم كاتەدا بە قۆناغی گەورە تێی پەڕاندووە..

ی-زانستی مەعريفە كە بە چوونە دەرەوەی لە ديلی فەلسەفە نەوەستا, بەڵكو چووەتە نێو زانستی نوێكاریو فەسلەجەی مێشكو زانستی دەروونەوە..

ئايا پێويست بەتيۆرێكی مەعريفی تايبەت, كۆكراوە, لەم بوارەدا دەكات؟ بڕواناكەم چونكە يەكەم: تيۆرێك نييە كە كۆكراوەبێت, بەڵكو گريمانەی فراوانو گەڕانی بەردەوام هەيە, هەروەها دووەميان: لەبەر ئەوەی ئەم لێكۆڵينەوانە بەسەر بوارە تايبەتمەندييەكاندا رەت دەبن نەك تاك يان بزووتنەوەكان.

ئايا بپچڕێن لەو بوارانە, نەخێر بەڵكو ئەوەی ئازاری ماركسيەتيدا لە وەستانو بەرەو دواچوون لەلايەكييەوە دەگەڕێتەوە بۆ دورەپەرێز بوونیئەوانەی كە هەڵگری ئەو فيكرەن لە ئاراستە فيكرييە گەورەكانی سەردەمی بونيادگەری, دەروونناسی, پاش بونيادگەری, لێكترازانگەری- التفكيكيە) يان لە قوتابخانە ماركسييە گرنگەكانی وەك قوتابخانەی فرانكفۆرت يان قوتابخانەی نەعوم چۆمسكی سەنديكالی.

## سێيەم: ماركسييەتو كۆمەڵگا

ماركس ديراسەی بونيادەكانی كۆمەڵگای سەرمايەداری لە وەدەست هێنراوەكانی مێژوونووسە فەڕەنسييەكان كرد لە بارەی چينە كۆمەڵايەتييەكانو, لە نووسينەكانی خەڵكانی تر لە بارەی بونيادی (كۆمەڵگای مەدەنی) واتە سەرمايەداری (نموونەی گروتيوس, مۆنتسيكۆ, هيگل).

ماركس پەيوەندی نێوان (كارو سەرمايەی) بەوە داناوە كە ناوەڕۆكی ئەو بونيادەيە كە پێويست دەكات تێگەيشتن بێت بۆ هەموو پەيوەندييە كۆمەڵايەتييەكان لە نێو ئەو چوارچێوەيداو لەسەر ئەو بنەمايە..

ماركس هيچ نموونەيەكی لە دەرەوەی ئەورووپا وەرنەگرتووە, لەبەر ئەوەی سەرمايەداری لە دەرەوەی ئەويدا پەرەی نەسەندبوو, هەروەها نموونەی بەڵگە نەويستی وەرنەگرتووە تەنيا لە بەريتانياو فەرەنسا نەبێت, بەشێوەيەكی سەرەكی..

مــاركس وێنــەی ئــەو پێکهاتــە تۆڕییــەی لــە دوو چــینی دیــاردا کــردووە ئــەویش (سەرمایە=سەرمایەداران) لێرەداو (کار=کرێکاران) لەولاتروە, ئـەم تەجریـدە پێویـستە بـۆ دیراسەکردنی ئەو دیاردەیە بەشێوە روونەکەی, بەڵام دیراسەکانی تری مـارکس هێمـا بـۆ بوونی چینی تر دەکات, توێژەکانی ناوەڕاست (ئەوەی نـاو دەبرێـت بـە بـۆرژوای بـچووك) جووتیـاران, رۆشـنبیران (ئەنتلجنـسیا) هـەروەها لـەلای ئـەو سـەرمایەداران بلۆکێـك نییـە نموونـەی نووسـینەکەی (هـەژدەی برومێرلـویس بوناپـارت) یـان (سـیانیە بەناوبانگەکـەی فەرەنــسا) ســەرمایەداری پیــشەسازی هەیــە.. ســەرمایەداری بانــك, کــە بەرژەوەنــدی جۆراوجۆر پەرەپێدەدەن, هەروەها چینی کرێکار یەك گروپی هاویـەكو یـەکگرتوو نـینو کوتلەیەکی بەستەڵەکیش نین.

مارکس وای داناوە کە موڵکایەتی یان نەبوونی موڵکایەتی بنـەمای چینایەتییە, هـەروەها پێـی وابـووە قۆناغـە کۆنـەکانی کۆمـەڵگا (چینەکانی دەرەبەگایـەتی) لەسـەر پێوەرەکـانی ئاینو بۆ ماوەیی وەستاوە, هەروەها دیراسەی شێوەکانی گواستنەوەی لەسەر بنەمای کـۆن بۆ نوێ کردووە (کۆمەڵگای عەرەبی لە قۆناغی گواستنەوە لە مەوە بۆ ئەوی تر)..

مارکس پێشبینی زۆر بواری کردووە ( tendencies) وەك:

1-پرۆسەی هەژاربوون بە رەهایی دەبێتە هۆی گواسـتنەوەی توێـژە کۆمەڵایەتییـەکان بـۆ پرۆلیتاریا, واتە گواستنەوەی ئەمەی دوانین (پرۆلیتاریا) بۆ زۆرینەی گەل.

2-تێکشکانی توێـژە خوێنـەوارەکانی ناوەڕاسـت, تـوخمی ناسـراو دەگوازنـەوە بـۆ چـینی کرێکار.

3-سیستەمی فابریکەکان سوپای کار دەگۆڕن بۆ هێزێکی رێکخراو رێكو پێك..

4-چینی کرێکـار لـە چـینێکی لەناوخۆیـدا دەگـۆڕێ بـۆ چـینێکی لـە خۆیـدا کـە کـرداری پەرەســەندنی ســەرمایەداری دەکــا, هێــشتا کۆمــەڵگا ســەرمایەدارییەکان بــەردەوامن لــە پرۆسـەی بـە ناوەنـدکردنو چڕکردنەوە بـۆ سامانە بـە کۆمەڵەکانو پتـەوکردنی دەسـت بەســەراگرتنی ســەرمایە بــەڵام پەرەســەندنی چــینی کرێکــار رووەو هــەژاربوونی رەهــا نەرۆیــشتو شۆڕشــە زانــستییە بــە دوایەکــەکانیش بوونــە هــۆی زیـادبوونی بەرهــەم بــە زیــادبوونێکی گــەورە, هــەروەها گــۆڕانی ســامانە زیادبووەکــان (هێــزی کــار+هۆیــەکانی بەرهەمهێنان) بۆ بوارەکانی خزمەتگوزاری (کەرتی سێیەم)و سەربازی (کەرتی چوارەم)و پیشەسازی رۆشنبیری (کەرتی پێنجەم) تـا یەکـەمیان (ئـامێر جێگـای توانـای جەسـتەیی) گرتــەوەو دووەمیــشیان (توانــای فکــری بــۆ بەرهــەم هــێنو, لــە رێگــەی تــەواوکردن تــا وەدەســـتهاتنی ئاراســـتەی نـــوێ لـــە پەرەســـەندنی بونیـــادە کۆمەڵایەیيـــەکان, وەك

کەمبوونــەوەی کــاری دەســتی, کەمبوونــەوەی چــینی کرێکــار, فراوانبــوونی ریــژەکانی ناوەڕاست..
هێشتا پێشنبینییەکانی مارکس بۆ فراوان بوونی چینی کرێکار لـە سـەرەتای دەرکـەوتنی سەرمایەدارییەوە بەدی دێت (ناوەڕاستی سـەدەی شـازدە) تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی بیـستەم (بە مانایەکی تر (یاسایانەی)ی کە مـارکس دیـاریکرد تـا ماوەیـەك کـاری کـرد, هـەر وەك ئەوەی کە مارکس دەیوت ئەمانە (مەیلن) نەك (یاسا) چونکە یاساکان نەگۆڕنو نـاگۆڕین, بەڵام (مەیل )چاك دەکرێنو دەگۆڕێن.
ئێستا دیاردەی کەمبوونەوەی چینی کرێکار لە دەوڵەتانی پیـشەسازی جێگیردا هەیـە, کـە سەرمایەداری تیایدا سەری هەڵداوەو, پەرەنەسەندنیشی لە ئاستی پێویست لـە دەوڵـەتانی تـازە گەشەسـەندو کـە سـەرمایەداری گواسـتراوەتەوە بۆیـان, هـەروەها هەنـدێك حاڵـەتی ناوەندیش هەیە هێشتان مەیلی بە دیهاتنی کۆمەڵگای سەرمایەداریان هەیـە, وەك ئـەوەی کە مارکس دیاری کردبوو لە ژیانیدا..
بێگومان ئەم بارودۆخە قورساییەکی کۆمەڵایـەتی دەداتـە توێـژەکانی ناوەڕاسـتو گـەلێك دەرئەنجامی لە سەر رێك دەکەوێت کە مۆرکێکی کردەیی بۆ شارەزایان جێهێشتووە.
هەڵبەتە ئەم مەیلە نوێیانەش شتێکی ئەزەلی نیینو کەس ناتوانێ بـە وردی بزانێـت چـی روودەدات لە بونیـادی کۆمەڵایـەتیان لـە حاڵـەتی گەیـشتن بـە کۆمـەڵگای دڵنیـاکراو, واتـە خـاوەن دەزگایـەکی میکـانیکی خۆرێـك خـەرو بیرکـەرەوە (لەسـەر بنـەمای سیـستەمی کۆمپیوتەری سەرکەوتوو) پاشان داخوا تـا چ ئاسـتێك ئـەم جـۆرە کۆمەڵگایـە پەیوەنـدی نێـوان موڵکایـەتی کردنـی تایبـەتی شۆڕشو مۆرکـە کۆمەڵایەتییـە گشتییەکەی بەرهـەم پێکەوە گرێ دەدات؟, لە هەمان کاتدا ئایا دەتوانێ چارەی گرفتی بوونی زانیاری پێویـست بە رێکخستنی کۆمەڵگا بکات, یان بەپێی پلانێکی رێكو پێك بەڕێوەی بەرێت, لە جێگای ئاژاوە؟.. لەگەڵ ئەوەی کە پێویست دەکات بۆ سەر لە نوێ دابەشکردنەوەی سامان..

## چوارەم: مارکسیزمو تیۆری ئابووری

ئــەم بەشــە لــە درەوشــاوەترینو فــراوانترینو بــە نــرخترین بەرهەمــەکانی مــارکسو قوتابییـەکانی لـە نـەوەی (کاوتـسکیو بوخـارینو هـیر شـفلیدو لیـنینو هیـی تـر) پێـك دەهێنێ..
لەو چەندین بوارە پێك دێت..

1-بواری سەرترین (الارأس) واتە گەوهەری ترینیان ئەوەی کە لە پێشتردا هەوڵمدا هێمای بۆ بکەم, ئەویش بەوەی: کە تێزی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری کە لەسەر پرەنسیپی قازانج وەستاوە (یەکەمیان زێدەبایی رەها, پاشان ژێرەیی) کە ناتوانێ بەبێ فراوانبوون بژێت (سەر لە نوێ بەرهەم هێنانەوە بە فراوان)ی کە پێویست بە فراوانبوونی بازارەکانی نەتەوەییو جیهانی دەکات). کە لە رێگەی بازرگانی نێودەوڵەتییەوە وەدی دێن, بە هاوکاری دەوڵەت (لەسەدەکانی یەکەم)و لە دەرەوەی کۆتەکانی ئەم هاوکارییەدا لە سەردەمی جیهانگیریدا..

کە مارکس لە گروندریسەدا GRUNDRISSE(2) ئەوەمان نیشان دەدات هەروەها لە بەشە نادیارەکانی سەرمایە سەرمایەداری فراوان دەبێتو بەو فراوان بوونەی کۆتو بەند دەخولقێنێ کە خولقێنەری قەیرانەو بەر لادانی ئەو قەیرانەو دانانی چارەسەرو رێگای نوێو لێی دێتە دەرەوە بۆ فراوانبوونی گەورەترو زیاتر, کە ئەم فراوان بوونە نوێیە کۆتو بەندی نوێ دەخولقێنێ کە بەم رۆڵەی هێما بۆ هەوڵەکانی تێپەڕاندن دەباتو بەم جۆرە, تا دەگاتە خاڵێك لە سەرمایەداری (وەك سیستەمێکی جیهان)ی لە پاشتردا ئیتر ناتوانێ کۆسپەکانی تێپەڕێنێو زەنگی کۆتایی لێدەدات, ئەمە تێڕوانینی مارکسیزمە..

ئەم تێزە لە پێشبینی کردنی تیۆری دەمان بات بۆ پرسیارێکی گەورەترمان دەبات کە مێژوونووسی مارکسی (بیترگان) Petergan وروژاندنی ئایا ماوە بۆ ئەم پرۆسەیە چەندە؟ سەدەیەك! دووسەدە؟ حەوت سەدە؟ لە وەڵامدا دەڵێت نازانین کە ئایا ئێمە لە ناوەڕاستەکانی تەمەنی ئەو پێکهاتە سەرمایەدارییە داین یان لە کۆتایی؟ گەر وتمان لە قۆناغی کۆتایی داین.. لەوانەیە هەڵسەنگاندنو هەستکردنمان لە بەرامبەر واقیع سەرنەکەوێت..(4)

کەسی مارکسی هۆشیار رووبەڕووی ئەم گرفتە دەبێت: کە ماوەی پەرەسەندی پێکهاتەکان بەپێی ماوەی ژیانی مرۆڤ ناپێورێ, بەڵام بەڵێنی شۆڕشگێڕی پێکهاتەی سەرمایەداری تێدەپەڕێنێو رووبەڕووی بەرژەوەندی ماددی هەنوکەیی بزووتنەوەکانو چینە شۆڕشگێڕەکان دەبێتەوە, چونکە لێرەدا دەیەوێ ئامانجەکان بهێنێتەدی.

نەك چاوەڕوانیو بەڵێن بێت (لەوانەیە بەبینینی ئەو تەنیا یوتوبیابێت) ئەم (بەریەککەوتنە) لە نێوان ماوەی بابەتی بۆ پەرەسەندنو ماوەی دیاریکراو بۆ ژیانی مرۆڤایەتی لێرەدا, بۆ بیرمەندان دروستە, هەروەها بۆ سەرۆکایەتی بزووتنەوەکانو لایەنگرانیشیان دروستە, ئەم ناکۆك بوونە هاندەرە بۆ بیرکردنەوەییەکی (ئومێد بەخش) لە نزیك کۆتایی, خۆزگە ئەم دژبوونە لە پشت ئەو قسەیە بۆ ئەوەبێت کە (ئیمپریالیزم بەرزترنین قۆناغەکانی سەرمایەدارییە) (لەوانەیە قۆناغێکی ناوەندبێت,

یان لە پشت ئەو قسەیەی ستالین کە دەڵێت (دەتوانێن لە ژیانی یەك نەوەدا سۆسیالیزم بنیادبنێت). یان (لە قسەکەی خرۆشوف بەوەی کە بنیادنانی کۆمۆنیزم لە نەوەدەکان تەواودەبێت), (کە لە سەدەی پێشووتردا لە ماوەی سەرۆکایەتی کرنیدا وتویەتی)
2-مارکس وێنەی (بەتێزکردنی تیۆری یان نموونەیی) سەرمایەداری تاکرەوی وەك ئەوەی کە لەبەریتانیا سەری هەڵدا کێشاوە, پێشبینی گۆڕانی رووخساری بە لای مونوپول کردندا کرد, هەروەها بە ئەنقەست لەسەر واقیعە مێژووییەکان وێنەی کرد نەك لەسەر هەست, لێرەدا دوو نموونە هەن لە تێزی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری: هەڵسانی پیشەوەری بچووك, یان هەڵسانی بازرگانی (واتە یان لە بازنەی بەرهەمهێنانە یان لە بازنەی دەستاودەست کردن) هەرچەند گەر بوار بۆ ژیانی مارکس هەبوایە تا ناوەڕاستی سەدەی بیست, نموونەکانی بۆ چەند تێزێك فراوان دەکرد:
أ-تێزی تاکرەوی: سەرمایەداری تاکرەو..
ب-سەرمایەداری دەوڵەت..
ج-سەرمایەتی خزمایەتی (بۆ ماوەیی)..
ء- تێکەڵی یان ئاوێتەبوون لە دوان یان هەرسێك (لە خاڵەکانی پێشوو) "وەرگێڕ"ە گەر تێزی سەرمایەداری تاکرەو روون بێت ئەوە سەرمایەداری دەوڵەت لەو وڵاتانەوە سەری هەڵدا کە هەندێك درەنگ هاتنە ناو سەرمایەدارییەوە (ئەڵمانیا پاشان روسیا) ئینگلز گاڵتەی بە سۆسیالیستەکانی ئەڵمانی کرد کە پێیان وابوو (کەرتی دەوڵەت) (بونیادنانی سۆسیالیستییە). ( بگەرێوە بۆ وتارەکانی کە لە بارەی مەسەلەی نیشتەجێ بوونو شتی تر نووسراون لە ئەڵمانیا)..
سەرمایەداری دەوڵەتو سەرمایەداری بۆ ماوەیی ئەو تێکەڵ بوونەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە پەرەسەندن سەپاندبوونی ( شێوەی ترسناکی سەربازی لە دەوڵەتانی پەرەسەندو یان کێبرکێی بازرگانی تیژ)..
بەڵام پەرەسەندنی سەرمایەداری بۆ ماوەیی (ئەندونیسیا-سعودیە-دەوڵەتانی تر) ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە کەمو کورِی دامەزراوە کۆمەڵایەتیو یاساییەکانی کە پارێزەری موڵکایەتیینو کەمو کورِی پەرەسەندنی دامەزراوە کۆمەڵایەتییە نوێکان, پاڵنەرن بە ئاراستەی تۆرِەکانی خزمایەتی (هەتا لەسەر ئاستی پیشەیی بچووك).
ئەم تێزانە یان تێکەڵیانە تایبەتمەندی زۆری هەیەو ئەنجامی سیاسی مەترسیداریشی هەیە, تیایدا شێوەی سەرمایەداری دەوڵەتی رێگە نادات بە پەرەسەندنی دامەزراوە دیموکراسییەکان بەڵکو رێگردەبێت بۆی, پاشتر لە مەودایەکی دوورتردا رێگردەبێت بۆ

پەرەسەندنی خودی سەرمایەداری, بەڵام تێزی خزمایەتی ئەویش کۆسپی تری کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری زیاد دەکات..

3- مارکس پێکهاتە کەرتیەکانی سەرمایەداری لەسەر بنەمای دوانەیی دیراسەکرد:

کەرتی یەکەم: (بەرهەمهێنانی هۆیەکانی ژیان)

کەرتی دووەم بەرهەمهێنانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان)

ئەم بنەما کەرتیانە بەپێی پەرەسەندنی هێزی بەرهەم هێن لەچەند شێوەیەکدا پەرەیان سەند, چەند هێزی بەرهەم هێن زیاد بکات کاری پێویستو پەیوەست بۆ بەرهەم هێنانی هۆیەکانی ژیانو هۆیەکانی بەرهەم هێنانی پەیوەست پێی کەم دەکاتو کاری زێدەی تایبەت بە پێویستییەکان زیاد دەکات. تێبینی دەکرێت ئێستا لەکەمترین حاڵەتدا سێ بنەمای کەرتیمان هەیە:

ا- سەرمایەداری پەرەسەندو:

بەم ئاراستەیەی خوارەوە جوڵا:




لەمرۆدا پیشەسازیو بەرهەم هێنانی سەرمایەداری گەیوەتە ئاستێکی مەزنو بەجۆرێك کەکەرتی (پیشەسازی ڕۆشەنبیری industry cluiture لەمرۆدا 40٪ لە هێزی کار لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەگرێتەوە).

ب- سەرمایەداری دەوڵەتی کۆمەڵایەتی (ووڵاتانی سۆسیالستی):




دەوڵەتانی خاوەن ئەزمونی کۆمەڵایەتی نەیانتوانی بگەنە کەرتی خزمەت گوزاری پەرەسەندوو. یان کەرتی پێنجەمی پەرەسەندو تر. هەربۆیە پایتەختەکانی وەکو مۆسکۆو وارشۆ تا هەشتاکان خاوەنی ئامێری فوتۆکۆپیو فاکس نەبوون.

ج- سەرمایەداری دەوڵەتی تێکەڵاو:




ئەم نموونەیە کەرتی دووەمی نییە کە تیادا بەرهەم هێنان بڕیاری ئاستی پەرەسەندنی کەرتەکانی دواتر دەدات. هەروەها ناسراوە بە دوبەرامبەری کەرتی یەکەم (بەرهەم هێنانی هۆیەکانی ژیان). پاشان ئەگەر (سوود) لە پیشەسازییە دەرهێنراوەکان (نەوت) وەرگیرابێت یان فرۆشتنی خزمەتگوزاریە سیاسیو ئاسایشو سەربازیەکانی دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان ئالوگۆڕی پێ کردبێت, ئەوە پەرەسەندنە خێراکانی کەرتی خزمەتگوزاری لەسەر جێگایەکی فشۆڵ دەوەستێت. بەکورتی: پێکهاتە کەرتییەکان لە گۆڕانو ئالوگۆڕی بەردەوامدانو ئەم گۆڕانەش دەبێتە شۆڕشی گەورە لە حاڵەتی بە گشتی کردندا.

4-لەمڕۆدا سیستەمی سەرمایەداری جیهانی ناسراوە بە دەست تێوەردانە فراوانو فرە لایەنەکانی. کە هەموو گەلانی سەر روی زەوی خستۆتە ناو چوارچێوەیەکەوە ئەم سیستەمە بەو جۆرە نەماوە کە تەنیا پشت ببەستێ بەو دەوڵەتانەی کە لە باوەشیدان وەك (ئینگلترا لە سەدەی نۆزدەو ئەمریکا تا ساڵی 1973 ساڵی هەلوەشانەوەی ڕێکەوتنامەی (بریتونو ودز) وەك زامن کردن بۆ ئالوگۆڕی دۆلاری جیهانی)

بارودۆخی ئێستا بەوە ناسراوە کە کاریگەرە بە ئالوگۆڕیەکانی بەرهەم هێنانی نەتەوەیی (وەك یەکە یەکی پێك هاتوو لە بونیادی گشتی) بارودۆخێك دەخولقێنێ لە دەرەوەی کۆنترۆلی هەریەکە یەکی تاك تیایدا. بەجۆرێك کە پاڵنەرە بە ئاراستەی کاری بەکۆمەڵ (یەکێتی ئەوروپا, کۆمەڵەی حەوت, کەبووە هەشت - گەورەکان).

بۆ نمونە تێبینی ئەو دەست تێوەردانە گەورەیە بکە بۆ چارەسەری دارمانی دراو لە مەکسیك (کە بە دەیان ملیاری تێچو), یان چارەسەری کۆریای خوارو (یەکێك لە پلنگەکانی ئاسیا), یان چارەسەری بارودۆخی ئەندونیسیا. کە سەرمایەداری جیهانی لە ڕێگەی کەناڵەکان (بانکی نێودەوڵەتی- سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی) کە نزیکەی 200ملیار دۆلاری دانا بۆ چارەسەری سێ قەیرانەکەی وڵاتانی پەرەنەسەندوی ناسەرەکی لە ڕێکخراوەکەدا.

دەرئەنجامی سەرەتایی وا دەردەکەوێت کە ڕێکخەری گەردونی سەرمایەداری ناتوانێ بەشێوەی زنجیرەی کاربکات بێ قەیران. تەنیا بەڕەت نەبوونی هەموو بەشەکانی نەبێت بەتێپەر بونێکی (سروشتیانە). بە واتایەکی تر کە سەرچاوەکانی قەیرانەکە لە سەرمایەداریدا بەسەر هەموو پێکهاتەکانی ڕێکخراوەکەدا گشتی بووە, بە ئەندازەی جیاجیای

بە سروشت توند. هەروەها هەوڵی دەست تێوەردانی ڕێکخراوەیی گەورەو فراوانتر بووە. بەڵام چی ڕوودەداتو کێ ملکەچ دەبێ بۆکێ ئەگەر ئەو قەیرانە لە جێگایەك زیاترو لەیەك کاتدا سەری هەڵدا؟.

دەمەوێت بەردەوام بم لەبارەی گۆرینی بنەمای بەرهەم هێنان (جێگرتنی ئامێر لە جێگای کاری فکری)و گۆڕینی یاسای (بەها)ی مارکس کە تایبەتە بەکاڵای پیشەسازی گۆڕاو) بۆ رووخسارە نوێکانی یاساکانی کاڵای پیشەسازی رۆشنبیری (یەك خولەك ریکلام بە 50 ملیون جونێهەو, نرخی یاری زانێکی تۆپی پێ بە 55 ملیون جونەیھ یان نرخی وێنە یان دەنگی گۆرانی بێژێکی ناسراو..هتد).

(مراندنی) (مارکسیەت) بە (ئاشکرا) لە یەکەم قەیرانیدا پێچەوانەکەی دەسەلمێنێ. ناموش ئەوەیە وەك یەکێك لە رۆژنامە لیبرالییەکانی بەریتانیا دەلێت کە (لایەنگرانی) (مارکس) مالئاوایی لێ دەکەن (کەچی سەرمایەدارە رێکخراوەکان سەر لەنوێ دەیهێنێتەوەو بە سەرسامیەوە بانگەوازی بۆ دەکەن. کە پێشبینیەکانی مارکس لەبارەی کۆنترۆڵی ئابوری لەسەر سیاسەت راست دەرچوون, ئێستاش بەبەر چاومانەوە بەدی دێن,و, ئەو قەیرانانەی کە هاوشانی ئەو نەشو نما کردنەن بەشێکن لە پێکهاتەی بونیادەکانی سەرمایەداری.

ئەم لێك جیاکردنەوە ئاشکرایە کە لایەنگرانی (مارکسییەت) مارکسییەت بە وێنە مردووییەکەی جێ دەهێڵن واتە ئەوەی کە بەکەمو کوریو شێواوییەوە ناسیویانە بەلام سەرمایەداران پاش رووخانی سۆڤیەت لە عوقدەی دوژمنایەتی کردنی مارکس رزگاریان بووە, بەهاوسەنگیەکی گەورەترەوە دەیبینن تا دووچاری دژە تێڕوانینی ئەو هاوسەنگییە گەورە دەبین بە بەرچاو روونییەکی زیاترەوە.

## پێنجەم: مارکسیەتو دەوڵەت

پاش سەرمایەداری یان سەرمایە..دەوڵەت لە لە پرۆژەی دیراسەکردنی مارکسیەتدا لە زنجیرەی پاشتردا دێت ئەو پرۆژەیەی لەبەد بەختیمان جێبەجێ نەبوو.

ئنگلز دەوڵەی نوێی لە سەردەمی سەرمایەداریدا بە ئەرکە سەرەکیو مۆرکە سەرکوتکەرەی دووپات کردۆتەوە, هەروەها ئینگلز لە بنەرەتەوە سەرهەڵدانی دەوڵەتیشی بە ململانێی چینایەتی بەشێوەیەکی رەها دوپات دەکردەوە, (کتابی بنەچەی خێزانو موڵکایەتی تایبەتو دەوڵەت), مارکس بەو دیاریکردنە رازی بوو, بەڵام چەندەها رەهەندی تری تیادا زیاد کرد: پەیوەندی دەوڵەت بە کۆمەڵگای مەدەنی, پەیوەندی دەوڵەت بە چینەکان, سەربەخۆیی چینە سیاییەکان کە (لەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەت وەستابن) سەربەخۆییەکی رێژەیی لەچینە خاوەن موڵکەکان. جیاوازی بونیاد نانی دەوڵەت لەرووی دامەزراوەکانیەوە, بەلام

بەداخەوە ئەو تێبینیانەی مارکس گرنگی پێویستی پێ نەدرا پێش ئەوەی (رالف میلیباندی) بیرمەندی مارکسی بجولێ.. بە ئاگایی لەم مەسەلانەو غەیری ئەمانەشدا.
دیراساتی ئەنترۆپولۆژی شارستانیەتە کۆنەکان ئەوەی سەلماندووە کە دەوڵەت وەك ئامرازێك بۆ پاراستنی دەوڵەتی- شار لە چۆڵ نشینەکان (ئەوانەی دەرەوەی شار) سەری هەڵدا (ئەثینا, رۆما, بابل, ئەلانکا, چین, میسری کۆن) واتە نەك بۆ سەرکوتکردنی کۆمەڵگای ناوخۆ (ناوشارەکان). بەڵکو بۆ رووبەروو بوونەوەی کۆمەڵە دەرەکیەکان. بەواتایەکی تر سەرهەڵدانی دەوڵەت دەگەرێتەوە بۆ ناکۆکی نێوان شێوەی سەقام گیری کۆمەڵگای مرۆڤ (بەشورە پارێزراون) وشێوەی (کۆچەر بە زمانی عەرەبو بەربەر بەزمانی ئەغریقی) هەروەها لە پاشتردا دەگەرێتەوە بۆ ناکۆکی نێوان خودی ناوەندەکانی شارستانی. چونکە کۆیلەی ئەم شارانە پێویستی بەم ئامرازە ماددییانە بوو چونکە ئاینو نەریتەکانو داخراوی چینە کۆنەکانو مەحرومکردنی پەیوەندی لەنێوانیاندا بەشێك بوو لەنەریتو پیرۆزییەکانی وەك زامنییەك بۆ رێکخستنی کۆمەڵگاو دەوڵەتو بەفەرمانی سەرکوت کردنی دژی کۆیلە هەڵنەسا تا پاش ماوەیەکی درێژ لەسەرهەڵدانو پەرەسەندنیو پاش گواستنەوەی کۆیلە لە بەرهەمهێنی ناوماڵ بۆ بەرهەمهێنی کشتوکاڵیو کانەکان. ئەم ئالوگۆرەش تا پاش نزیکەی (3)هەزار ساڵ لە دروست بوونی دەوڵەتی شار رووی نەدا.
مارکسییەکان تێبینیەکانی مارکسیان لەبارەی دەوڵەتەوە فەرامۆش کرد, هەروەها شیکردنەوەی دەوڵەتی نۆێشیان فەرامۆش کرد لەرووی ئەوەی کە:

1-نوێنەری کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی دیاری کراوە (گرنگی دان بەبلاوکردنەوەی رۆشەنبیری نەتەوەییو یەکخستنی زمان لەرێگەی ئامرازەکانی فێربونەوە)
2-سەر توێژی بنەمای سەرمایەداری جیهانییە.
3-بەڕێوەبەری فەرمانە بەرهەم هێنەرو رۆشەنبیریەکانە.
4-تایبەتمەندە بە پێکهاتەی بونیادە لێك جیایەکان لەرووی دامو دەزگاو پلەی تایبەتمەندیەکەی.
5-هەمیشە پێویستی بە سەرچاوەی شەرعیە (ئاین- ئایدیۆلۆژیا- گرێبەندی کۆمەڵایەتی..هتد)
6-پەیوەندی دارێکی ناهاوسەنگە بە کۆمەڵگای مەدەنیەوە.

ئەم بیرخستنەوەیە بۆ وەرگرتنی بیرۆکەیەکی سادە لەسەر دەوڵەتی نوێ وەك بەرهەمی سەرمایەداری بە سوودە!. ئەگەر سەرمایەداری یەك بێت. ئەی چۆن سەرهەڵدانی فرە شێوەی دەوڵەتمان لەناو یەك تێزی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا بۆ شی دەکاتەوە, بەڵکو لەناویەك وڵاتدا, ئەی بۆچی دەوڵەتی مولکایەتی لیبرالی داخراو (مەرجدار) یان دەوڵەتی پۆنا پارتی, یان دەوڵەتی فاشی, یان دەوڵەتی کلاسیکی خزمایەتی, دەردەکەون کە هەموو

لـەناو یـەك پێكهاتـەی سـەرمایەداریدان. لەباسـە درێژەكەمـدا (مـاركس‌و دەوڵـەت- تیـۆری ناتـەواو) (5) وتم مـاركس بەشـێكی بەبـەتاڵی جێهێـشتوو بۆمـان. ئـەم حاڵـەش بـێ شـك بـێ تاقەتی دوگمایانە دەوروژێنێ..بەڵام لە كوێی جیهانی فرە چەشـندا سـەقامگیریی شـتەكان‌و دڵخۆشیەكان بەدی دێن. (6)

بۆیـە ئەمـە دەڵـێم چـونكە لـە جیهـانی ئـەمڕۆدا پێویـستمان بـە دیراسـەكردنی دەوڵەتـە بەشێوەیەكی گشتی دیراسەكردنی دەوڵەتیش بەتایبەتی لەجیهانی عەرەب‌و لەعێراق. لەگەڵ پیویست بوون بە چەندین دیراساتی پراكتیكی. دەمەوێت پێشنیاری ژمارەیەك لەوانـە بكـەم بـۆ ئاشـنا بـوون پێیـان. بەتایبـەتی ئـەوەی كـە پەیوەنـدی هەیـە بـە پەرەسـەندنی دیموكراسییەوە. وەك كلیلێك رووەو كۆمەڵگایـەك ململانێكانی بـەرێوە بـەرێت بەشـێوەیەكی یاسایی دامـەزراوەیی ئاشـتیانە. هەرچـەند هەسـت دەكـەم ئەمـە پێویـستی بـە مەودایـەكی مێژوویی تەواو هەیە تا لە وڵاتێكی وەك عێراق بەدی بێن كە پەیوەندییە مەدەنییە نوێكان تیایدا بۆ نزمترین ئاستی دارمان دابەزیون (7).

دیموكراسی سەرمایەداری رێگە خۆشكەری مێژوویی شارستانییە, رووەو هەر ئاسۆیەكی پـاش سەرمایەداری كە لەتوانا دابێت پێش بینی بكرێت, كـە جیهـان پێـشدەكەوێت بـەرەوپێش تـر بەزەیی پێماندا نایەت.

## شەشەم: ماركسیەت‌و نەتەوەیی

دەوڵـەتی نەتـەوەیی (NATION-STATE) جـۆرێكی نـوێ دادەنرێـت لـە رێكخـستنی كۆمەڵایـەتی‌و ئـابوری‌و سیاسـی‌و رۆشـەنبیری‌و پەیوەسـتە بـە سـەردەمی پیـشەسازی سەرمایەداری. چونكە كۆمەڵگاكانی مرۆڤ كە بە ئینتما بـۆ هـۆزو خێـل دیـاری دەكـران, یـان دەوڵەت‌و شارو, دابەش ببو بە گـەرەك‌و مـاڵ‌و, وای لێهات ئێـستا لەیـەك بـواری یـەكگرتوودا دەژین كە لەرووی سیاسـیەوە دیـاری كـراوە بـە دەوڵـەتی ناوەنـدی خـاوەن تـوخمی جوگرافی چەسپاو لەرووی رۆشنبیرییەوە بەزمانـەوە دیـاری كـراوە (یـان تێكەڵـە لـە ئـاین‌و زمـان, یـان تێكەڵــە لــە زمــان‌و رەگــەز). لــەرووی ئابوریــشەوە (بــەبازاری نەتــەوەیی)و لــەرووی كۆمەڵایەتیشەوە بە (دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكان) دیاریكراوە.

تەمەنی ئەم رێكخستنە نوێیە لە بنیادنانی كۆمەڵگادا لە (3)سەدە زیاتر نییە. پێم وایە ئەو شـێوەیە نوێیـە (دەوڵـەتی نەتـەوەیی). لەچواچـێوەی ماركـسیەتدا. لەبەرامبـەر بەرهـەمی پەرەسەندی سەرمایەداریدا دێت لەناو ئەوانەشدا:

★- سیستەمی پەیوەندی ماددی (هێلی ئاسن- كەشتیی هەڵمی‌وهێلی تەلەگراف) كـە ئـاڵوگۆڕی بازرگـانی ئاسـان دەكـات‌و پـشتگیری دابـەش كردنـی كـار دەكـات, دەمـەوێت دو بونیـادی تـر زیادكەم:

★- سیسەتمی پەیوەندی رۆشەنبیری: زمانی یەکگرتوو, هۆیەکانی چاپ (رۆژنامە..هتد) کە ئامرازێکی کار لە یەك کردوو پێکیان دێنێ.
★- سیستەمی بەرێوەبردنی سیاسەتی ناوەندی- دەزگای ئیداری یەکگرتوو, سیستەمی دادوەری یەکگرتوو, سوپای هەمیشەیی..هتد.
مارکس پێی وابووە پەرەسەندنی دەولەتی نەتەوەی بەرهەمی پرۆسەی پەرەسەندنێکی درێژ خایەنەو گواستنەوەیە بۆ ئاستی بەرهەمهێنانی پێش سەرمایەداری بۆ سەرمایەداری نوێ. تێبینی دەکرێت یەکەمین دەوڵەتی نەتەوەیی بەشێوەیەکی رەمەکی دروست بووە.
واتە بەبێ بوونی (بزوتنەوە نەتەوەییەکان) یان (ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی). بەلام دەوڵەتانی ئاراستەی دووەم ئەو پول بەندییەی دیواو دیوکرد کە سەرەتا لەبزوتنەوەو ئایودیۆلۆژیە نەتەوەییەکان دەستی پێکرد تا گەیشتن بە دەوڵەتی نەتەوەیی ناوەندی نوێ. یەکێك لەبیرمەندەکان ئەوەی لە مارکسدا تێبینی کرد (کە بە خاوەن بینینێکی تیژ ناسرابوو بۆ هەموو شتێکی نوێ) ئەلتەر ناتیفیکی نێو نەتەوەیی خستۆتە روو (واتە جیهانێتی لە سەرووی نەتەوەییەوە) بەتایبەتی لەسەدەی نۆزدەهەمدا کە سەدەی تەوژمی دووەمی نەتەوەییە (ئەلمانیا, ئیتالیا, پاشان پۆلەنداو گەلانی سلاڤی لە پاشتردا).
(مارکس) وەك (ئوگست کونت)و (سان سیمون) هەمان تێروانینی هەبووە لەسەر بیرمەندانی کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم. ئەویش ئەو تێروانینەیە کە دەلێت (دەوڵەتی ناوەندی =(دەوڵەتی نەتەوەیی). کە ئەمەش ساتێکی تێپەرە لە پەرەسەندنو تێپەراندنێتی بۆ باوەشی جیهانێتی (نێو نەتەوەیی) کە پێویستیو ئاراستەیەکی حەتمیە بۆ پەرەسەندن. ئەم دەرئەنجامە ئەو واقیعەی فەرامۆش کردووە کە سەرمایەداری بنەمای بۆ جیهانێتی داناوە. بەڵکو ئەمەش بە هاوکاری دەوڵەتی نەتەوەیی. بەراستیش پەرەسەندنی جیهانی بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەم رووەو ئاراستە دەوڵەتی نەتەوەیی رۆیشت. (بەشێوەیەکی لەسەرخۆ) پاشان بە هەنگاوی خێراتر بۆ سەدەی بیستەم کە هەلۆەشانەوەی یوگسلاڤیا دوایین شەپۆلەکانی بوو بۆ پێکهاتە نەتەوەییەکانی. پێشتریش هەلوەشانەوەی پاکستان (بۆ بەنگلادیشو پاکستان)و هەلوەشانەوەی چیکوسلوڤاکیاو یەکێتی سۆڤیەت بۆ پێکهاتە نەتەوەییەکانی.
بەلام پەرەسەندنی جیهانی رووەو بەهێز کردنی بنەمای تێپەراندنی چوارچێوەی نەتەوەیی (یەکێتی ئەوروپا). دەجولێ هەرچەند بەشەکانی تر هێشتان پاشماوەی پرۆسەیەکی تر دەگەیەنێ وەك سەرهەلدانی دەوڵەتی نەتەوەیی (فەلەستین لە ئیستاداو کورد لە داهاتوودا) ئەو جیهانێتیەی مارکس پێشبینی دەکرد کە بەدی دێتو بەخێرایی دەوڵەتی نەتەوەیی تێدەپەرێنێ (لەماوەی ژیانیدا؟ لەوانەیە)و لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی دەرچوون

بەرەو گەردوونێتی, واتە نزیك بۆتەوە لە نموونە تیوری یەكەی. كەپێش واقیع كەوتووە, بزوتنەوەی سوسیالیستیو كۆمۆنستیەكان لەم ماوەیەدا چیان لیٚ هات:

1- لەقۆناغی یەكەمدا (ماركس- روزا لۆكسمبورگ- كاوتسكیو لینین).

بەلاوەكی تەماشكردنی تێزیی نەتەوەیی بەو مانایەی كە دەوڵەتی نەتەوەیی ساتێكی تێپەرە, بەهۆی نێو نەتەوەیی بوونەوە تێدەپەڕێنرێت كە سەرمایەداری بناغەی ماددیو رۆشەنبیری بۆ دادەنیٚ.

2- لەقۆناغی دووەمدا (لینین- ستالین) هەلسانی بزوتنەوە سەركەوتووەكان بە دروست كردنی دەوڵەتی نەتەوەییو دان پیانانیان وەك سەر توێژێك لەسەر توێژەكانی بوژاندنەوەی جیهانی هاوچەرخ- كە بەرەهایی سەرتوێژێكی پێویستە.

هەموو بزوتنەوە كرێكارییەكان لەچوارچێوە تەوەرییەكەی تا رادەی لێك چوون لەسەر ئەوە دەژمێردران.

3- ئەمرۆش كەدەست بە پرۆسەی دەرچوون لە چوارچێوەی نەتەوەیی بۆ جیهانی (گەردوونی-جیهانگەرایی) دەكرێت چەپ بەشلەژاوییەوە وەستاوەو خۆی بە رابردووە بەستۆتەوە. پاش ئەوەی كە لەنێو سەدەی بیستەمیشدا لەنێو چوارچێوە كۆنەكەی دا ژیا. بەمانایەكی تر كاتێك بنەمایەكی بەهێز بۆ نێو نەتەوەیی سەر هەڵدەدات. شێوەكانی فكرو پراكتیك بە بەندكراوی لەنێو قەفەسە ناوخۆییەكاندا دەمێنێتەوە.

حەوتەم: ماركسییەتو جیهانگیری:

لەسەرەتاوە پێویست دەكات جیاوازی بكرێت لەنێوان جیهانگیری (globalizetion) وەك پرۆسەیەكی بابەتیو ریباز (یان ریبازەكانی) جیهانگیری.globolism. واتە شیكردنەوەی ئایدۆلۆژیانە بۆ ئەم پرۆسانەو بەرنامە سیاسییەكانی كەلێوەی هەڵقولاون. زۆربەی دیراسە جددیەكان (ماركسیەتو غەیری ئەوان) وای نیشان دەدەن كە جیهانگیری زاراوەیەكە بەهەموو ئەو پرۆسانەی ئابوری- كۆمەلایەتی رۆشەنبیری دەوترێت. كە لە دەرەوەی كۆنترۆلی دەولەتی نەتەوەیی دەڕۆن بەو پێیەی یەكەیەكن بۆ دەسەلات گیری. پاش ئەوەی كە ئەم پرۆسانە لەبنەرەتەوە لەدەوڵەتی نەتەوەیی دەردەچن بەوپێیەی كە مەرجەعو چوارچێوەی بریار دراون. واتە ئامرازی حوكمو كارن. كورت كردنەوەی جیهانگیری تەنیا لەرووی ئابورییەوە (كردنەوەی بازار- بازاری كالاٚو دراو- كردنەوەی پرۆسەی وەبەرهێنانو ئالوگۆر بە تێپەراندنی هەر دەسەلاتێكی سیاسی نەتەوەیی) ئەوە كورتی بیركردنەوەیەو تا دواین سنور زیان بەخشە. سیستەمی پەیوەندی لەرێگەی گەشتە ئاسمانییەكانەوەو كۆكردنەوەی زانیاریو گەرم بوونی گەردوونو بارودۆخی ژینگە, هەژاری, نەخۆشیو زیادبوونی دانیشتوان, تاوانی رێكخراو, كۆچو كۆچڕەوی بەرامبەریەك بەشێكە لەپرۆسەكانی

جیهانگیری, هەروەك هاتنەدەرەوەی کالاْو خزمەتگوزاری هەروەها جولّەی هێزی کاریش (بە سنوورێکی دیاریکراو).
ئەمڕۆ لەجیهاندا کۆمەلێکی زۆر لەدام دەزگاو ئامرازەکانی سەروی نەتەوەیی چالاك دەبن. لەنەتەوە یەکگرتووەکان تا دادگای دادی نێو دەولّەتی, بۆ سندوقی دراوی نێو دەولّەتی و, بانکی نێودەولّەتی و, دادگای دادی ئەوروپی و بەدەیان هەزار رێکخراوی کۆمەلاْیەتی و پەیمانگاو زانکۆکان ( کە بەسنورێك سەربخۆن).
جیهانگیری وەك چوارچێوە بابەتییە گشتی یەکەی بۆ پەرەسەندنی کۆمەلّگای نوێ و بەشێوازە سەرمایەدارییە فرە چەشنەکەی کۆمەلّێك ناکۆکی دەخاتە روو:
ا- دەرچونی ئەم پرۆسانە لەژێر کۆنترۆلی دەولّەتی نەتەوەیی. دەسەلاْت بە کۆمپانیا گەورەکان دەدات کە لە سەرووی دەسەلاتی دەولّەتەوەیین بەوپێیەی کە هێزێکی ئابوری چالاکە.
ئەمەش لەگۆشەی پەرەسەندنی دیموکراسی لە جیهانی پێشکەوتوودا گرفتی تر دەخاتە روو.(چونکە دیموکراسییەت ئەنجامە): چۆن دەکرێت تەکنوکرات کە هەلّنەبژێردراوەو رێگەی نەدراوەو قبولّ نەکراوە بریار بدات و کۆتایی بەشتەکان بێنێت, لەکاتێکدا چینی سیاسی هەلبژێردراو بە هەلّبژاردن رێگەی پێدراوە ناتوانێ بریار بدات و یەکلای بکاتەوە کە کێ حوکم دەکات؟
ئەم پرسیارە مێشك سەرقالّ دەکات و لەمانە پێك دێت:
1- پێك هێنانی حکومەتی جیهانی
2- پێکهێنانی دامەزراویی نوێی سەرو نەتەوەیی. خاوەن مورکی دیموکراسی (بانگەوازی ستوکهلوم)
ب- ئاراستە بوونی پەیوەندییە نێو دەولّەتییەکان رووەو ئاژاوەی تەواو. بەهاوسەنگی لەگەلّ ویستی ولاْتەیەکگرتووەکان بۆ کارکردنی بەتاکرەوی. لەکاتی ئێستادا هاوسەنگی لەگەلّ کارتێلاتە سیاسییە نوێیەکان (هەلّسانی ئەوروپای یەکگرتوو).
ج- بەیەکدا تەقینی بارگرژی رۆشەنبیری. بەپێی دەورەدانی رۆشەنبیریەکان لەسێ (لاوە): (سنووری نەتەوەی, دەولّەت, خوار نەتەوەیی (بەشێك لە ولاْت) و سەرووی نەتەوەیی). ئەم دیار دەیەش بەهۆی بەیکداتەقینی دوو دیاردەی پێچەوانەی کەوە بوو:
1- زیاد بوونی چالاْکی رۆشەنبیری ناوخۆیی (لوکالّ)
2- هۆیەکانی پەیوەندی ئەلکترۆنی کەبوار بۆ بلاْوبوونەوە دەکاتەوە لەپشت سنووری نەتەوەییەوە.
د-پەرەسەندنی جیهانگیری لەلایەکەوە پشتگیری بلاْوبوونەوەی بەها دیموکراسیەکان و زانست و شەفافیەت و ئازادی زانیاری دەکات و لەرووی رۆشەنبیرییەوە, پالّی دەنێت رووەو لیبرالی سیاسی (=دیموکراسی پەرلەمانی) بەلاْم کرانەوەی بازاڕەکان و دەرپەڕینی پەرەسەندی

سەرمایەداری کراوە, کاریگەرە بۆ بزوتنەوە رووبەروو بوەکانو پاڵ بە نوخبەی سیاسییەوە دەنێت بۆ توند کردنی چەوساندنەوەو شێوەکانی حوکمی خۆسەپێن.
بەمانایەکی تر لیبرالی ئابوری, هەرچەند (بەمانا مێژووییە گشتییەکەی) بنەمایەکی بابەتی بێت بۆ لیبرالی سیاسی, لەبارودۆخێکی جیهانی گەشەسەندوو لەناو بارودۆخی جیهانگیریدا کاردەکات بە ئاراستەی تا ساندنی لیبرالی سیاسی.
هـ- دوایین شت هەرچەند جولانەوەی جیهانگیری زانستو تەکنەلۆژیا بلاودەکاتەوە بەلام حالەتێك بێ برِوایی دوپات دەکاتەوەو پشتگیری تێزی سۆفی گەرێتیو رووحانیەتیش دەکات(ئەمەش بەیەك لە سەرچاوە بەهێزەکانی دەرکەوتنی ئاین دادەنرێت لەژیانی زۆر لە ولاتانی پێشکەوتوو ناوەندو دواکەوتوو- جیا لە ئەوروپای رۆژئاوا)
بەمانەیەکی تر پێشکەوتنی زانستی تەکنەلوژیا پشتگیری (پێشکەوتن)ی شێوەکانی فکر لە پێش زانستدا دەکات: کە ئەمەش هەندێکە لەرووەکانی پرۆسەی جیهانگیری:
سێ وەلامدانەوەی ئایدیۆلۆژی گشتی هەن بۆ جیهانگیری ئەویش:
1- ئاراستەی لیبرالی-کە پارێزگاری جیهانگیری دەکات بەو مانایەی کە سەرکەوتنە بۆ عەقلانیەتو سەرمایەداریو سەرکەوتنی ئابوریە بەسەر سیاسەت. یان لێکردنەوەی جوڵەی سەرمایەدارییە لە دەوڵەت هەروەك باوکەکانی لیبرالی کلاسیکی (ئادەم سمیپ) بانگەشەیان بۆ دەکرد.
ئەمەش پاڵنەرە بە ئاراستەی هێرش کردنە سەر سیستەمی رەهای کۆمەلایەتیو زامن کردنی کەژێکی ئازادی تەواو لەناو هەموو شوێنەکەدا.
2- ئاراستەی نەتەوەییو مارکسی داخراو. کە لە رابردوودا دەژینو دژی جیهانگیرین بەهەموو رووەکانیەوە.
3- ئاراستەی مارکسی رەخنەگریو لیبرالی رەخنەگر (سوروش, ئاتالی) کە داوای پەرەسەندی حوکمەتی جیهانیو شیوە جیهانییەکانی جوڵانەوەی بازارەکان دەکەنو دژی هەموو رووە نەگەتیڤەکانی ئەم دیار دەیەن. بێ فەرامۆش کردنی مۆرکە دوانەیی یەکەی جیهانگیریو لایەنەبابەتیەکانی.
لەقۆناغی ئێستادا هەرچەند پرۆسە مێژووییەکانی سیمای بابەتی هەبێت بەلام بەشە بابەتییەکەی لە ئاکامی کاری مرۆڤانەی کراوەدا پەیدا بووە لە هەر ساتێك لە نێو توانا جۆر بە جۆرەکاندا. هەروەك مارکس دەلێت مێژوو پرۆسەیەکەو مرۆڤ دروستی کردووە. هەرچەندە بەپێی مەرجی گواستراوەو دانراو لە رابردوودا دروستیان کردبێت.

پەراوێزەکان:-

1-ئەم لاپەڕانە بەشێکن لە لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئایندەی مارکسییەت کە لە ئابی ساڵی 2000 نووسراوە ئەمانەی کردووە لەبەر رۆشنایی پرۆژەی سەر لە نوێ نووسینەوەی (سەرمایە) بە عەرەبی‌و لە نێو ئەو پرسیارانەی کە مامرستا کەریم مروە وروژاندبووی کە لە شوباتی (2005)دا پاکنووس کراوە.

«(2-بەشی یەکەم گروندیسە (واتە هێڵە گشتییەکانی ئابووری سەرمایەداری) وەرگێردراوەو لەلایەن دەزگای (ابن خلدون)ەوە بلاوکراوەتەوە (وەرگێڕانی عصام خفاجی).

3-وەرگێڕانی بەشە ناویەتەکەی کە لە لایەن دەزگا فارایی وەرگێڕدراوە..

«(4-لە قسەیەکی بیترگران لە سیمیناری (جیهانگیری) لە قاهیرە لە نیسانی 1997 کە نووسەر خاوەنی گیانی بەنرخە کە وەرگێڕدراون بۆ عەرەبی, تیایدا جیاوازی تێزەکانی سەرمایەداری دەکات کە جیهانی پێشکەوتوو ولاتانی تازە گەشەسەندو.. بەریتانیا.. هند ئیتالیا, میسر, سوڤیەت, عێراق..

5-(مارکس‌و دەوڵەت-تیۆری ناتەواو).

6- سەیری- (مابعد المارکسیە)بکە 1998,ص193دوانر

7- کتابێکی زۆر هەیە. لەدیارترینیان کە پێویست بەوەرگێران دەکەن ئەمانەن

1- barington moore sociol orgins of dictatorship
2-theda skocpol stats sociai revolutgions.
3-k: itling hegels cenceep of stateand manrxs tarly critigue
4- :r miliband class powerand state power
5-k magaire manxs theory of politics